No: ژمارە: ٨٣٢٨
Date: ٢٠٢١/٦/٢٠ ڕێکەوت: ٣٠ / جۆزەردان / ٢٧٢١ی کوردی

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر

بابەت/ پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە (پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق) دەنێرین بۆتان کە پێشتر ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٢١/٣/١٠ پەسەندی کردبوو.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ:**

پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە (پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

د. ئامانج ڕەحیم
سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

No:  ژمارە:

Date:  ڕێکەوت:  /  /  ٢٧ی کوردی

**وێنەیەك لەگەڵ هاوپێچ بۆ:**

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیڕەوی هاوپێچ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (چل و پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەمواركراو، و ماددەی (٥٠) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمواركراو، و بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٥٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٠ ئەم پەیڕەوەی دەرکرد:

# پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١

# پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## ماددەی (١):

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان- عێراق (کە لەمەودوا لەم پەیڕەوەدا بە وەزارەت ناوی دێت) ساڵانە پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەداتە سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت (کە لەمەودوا لەم پەیڕەوەدا بە لایەنی پەیوەندیدار ناویان دێت) و لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت بڵاو دەکرێتەوە:

**یەکەم:** لیستی ئەو پسپۆڕییانەی کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەرن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا.

**دووەم:** لیستی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن وەزارەت باوەڕپێکراون.

**سێیەم:** ڕێنماییەکانی یەکسانکردنی بڕوانامەکان.

**چوارەم:** ئەم پەیڕەوە و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە.

## ماددەی (٢):

**یەکەم:** لایەنی پەیوەندیدار، لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا پێداویستییەکانی لە (پسپۆڕی، ژمارەی کورسییەکانی خوێندن، جۆری بڕوانامە، و بابەتی توێژینەوەی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا) دەداتە وەزارەتی پلاندانان.

**دووەم:** وەزارەت لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، ساڵانە پلانێکی ناوەندی بۆ ژمارەی کورسییەکانی خوێندن و پسپۆڕییەکان و جۆری بڕوانامەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دادەنێن، نابێت لە دەرەوەی ئەو پلانە مۆڵەتی

خوێندن بدرێت، جگە لەو زەماڵە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن و وەزارەت ڕایاندەگەیەنێت، یان ئەو زەماڵە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن یان ڕادەگەیەنرێن، و باوەڕپێکراون لەلایەن وەزارەت.

**سێیەم:** ئەو پلانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە، لە ماوەیەک کە ساڵانە لە کۆتایی مانگی (ئادار) تێپەڕ نەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

**چوارەم:** بۆ خوێندنی دەرەوەی وڵات، وەزارەتی پلاندانان ناو و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانە دەداتە وەزارەت کە لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی مۆڵەتی خوێندندا سەرکەوتوو بوون، لە ماوەیەکدا کە ساڵانە لە کۆتایی مانگی (حوزەیران) تێپەڕ نەکات، بۆ ئەوەی وەزارەت دۆسێی خوێندنیان بۆ بکاتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕێکاری پێدانی مۆڵەتی خوێندنیان بۆ ئەنجام بدەن بەپێی ئەم پەیڕەوە.

**پێنجەم:** بۆ خوێندن لە ناوەوەی وڵات، تەنها پێدانی لاری نەبوونی لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە پێشبڕکێی وەرگرتن لە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو.

## ماددەی (٣):

**یەکەم:** بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار، لیژنەیەکی ناوەندی بە ناوی (لیژنەی مۆڵەتی خوێندن) پێک دێت، بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، لەگەڵ دوو ئەندام کە پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەر یان هاوتای ئەو پلەیە کەمتر نەبێت و یەکێکیان بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری یاسا، جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پێویستە سەرجەم سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، وردبینی ئەو داواکارییانە دەکات کە لەلایەن فەرمانبەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم پەیڕەوە و ڕێنماییەکانیدا دیاری کراون.

**سێیەم:** لیژنەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ڕاسپاردەکانی بە کۆنووسێک بۆ وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار بەرز دەکاتەوە، بە مەبەستی پەسەندکردنی.

**چوارەم:** لیژنەی هاوبەش لە نێوان وەزارەت و وەزارەتی پلاندانان پێکدەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆ وردبینیکردنی ئەو تانانەی کە لەسەر ئەنجامی پەسەندکراوی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێن.

**ماددەی (٤):**

وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات دەدات بە فەرمانبەر بە مووچە و دەرماڵە جێگیرەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەبێت پلەی وەزیفی فەرمانبەر، لە پلە یەک و خوارتر بێت بەپێی خشتەی کارپێکراوی پلەی وەزیفی و مووچە، کە لە پاشکۆی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨دا ئاماژەی پێکراوە.

**دووەم:** وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان، ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تا لەو پلەیەدان ناتوانن داوای مۆڵەتی خوێندن بکەن. بە پێچەوانەوە بڕوانامەکانیان یەکسان ناکرێت و هیچ ماف و ئیمتیازاتێکیان پێنادرێت، حوکمەکانی ئەم بڕگەیە حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم پەیڕەوە ناگرێتەوە.

**سێیەم:** فەرمانبەر دەبێت بڕوانامەی لە زانکۆ یان دامەزراوەیەک وەرگرتبێت کە لەلایەن وەزارەت باوەڕپێکراو بێت و ڕاستاندن یان یەکسانکردن بۆ بڕوانامەکەیان کرابێت، و دەبێت بڕوانامە و پسپۆڕیی خوێندنی فەرمانبەر پەیوەندی بە پسپۆڕیی بڕوانامەی خوێندن و کاری فەرمانبەرەوە هەبێت، فەرمانگەکەشی پێویستی بەم بڕوانامە و پسپۆڕییە هەبێت.

**چوارەم:** فەرمانبەر دەبێت لە ڕۆژی داواکردنی مۆڵەتی خوێندن (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەکی لە ڕاژە تەواوکردبێت پاش وەرگرتنی دوایین بڕوانامەی پەسەندکراوی.

**پێنجەم:** فەرمانبەر دەبێت نووسراوی وەرگرتن (قبول)ی لە یەکێک لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەت بەدەستهێنابێت.

**شەشەم:** فەرمانبەر ناتوانێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس داوای مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی عێراق بکات.

**ماددەی (٥):**

لایەنی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، بنەماکانی پێشبڕکێ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن دادەنێن و سیستمی خاڵبەندی پەیڕەو دەکرێت، بە ڕەچاوکردنی (کۆنمرەی بەکالۆریۆس/ ماستەر، ساڵانی خزمەت، توێژینەوەی زانستی، توانستی زمانی ئینگلیزی، چاوپێکەوتن) لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی تەمەنیان کەمترە، هەروەها هەر پێوەرێکی دیکە کە لایەنی پەیوەندیدار دیاری دەکات.

## ماددەی (٦):

**یەکەم:** ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

١. پابەندبوون بە بەڵێننامە و گرێبەستی تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن.

٢. مەرج نییە پابەندیی خزمەتکردن لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمان ئەو فەرمانگەیە بێت کە لە سەرەتادا مۆڵەتی خوێندنەکەی لێ وەرگرتووە، بەڵکو بەپێی پێویستی سوود لە ڕاژەکەی وەردەگیرێت لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣. پێشکەشکردنی دەستەبەرێکی دارایی کە بڕەکەی لانی کەم بارتەقای تێچووی خوێندن و ئەو دەرماڵە و خەرجییانە بێت کە لە ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی وەریدەگرێت.

٤. لە ئەستۆگرتنی هەموو ئەو تێچووە داراییانەی کە لەماوەی خوێندنەکەیدا بۆی خەرج کراوە، بە مووچەی مانگانەشەوە لە حاڵەتی سەرنەکەوتن، جگە لە حاڵەتەکانی سەرنەکەوتن بە هۆی نەخۆشییەوە کە ڕێگربێت لە بەردەوامبوون لە خوێندن بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆڕەوە، و یان بە هۆی ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامبوونی خوێندن.

**دووەم:** وردەکاریی خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەستنیشان دەکرێت.

## ماددەی (٧):

**یەکەم:** وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار، دەتوانێت مۆڵەتی خوێندنی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە لە کاتی پێویستدا و پاڵپشت بە پشتگیری دامەزراوەی خوێندنی فەرمانبەر، بە مەرجێک فەرمانبەر پێش کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی داواکاری پێشکەش بکات، و درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیە دەبێت:

١. درێژکردنەوەی یەکەم بۆ ماوەیەک دەبێت کە لە (٦) شەش مانگ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندن دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٢. درێژکردنەوەی دووەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی یەکەم دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٣. درێژکردنەوەی سێیەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی دووەم دەستپێدەکات، بە بێ مووچە دەبێت.

**دووەم:** هەر فەرمانبەرێکی مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی و ئەو درێژکردنەوانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتوون، خوێندنەکەی تەواو نەکردبێت و بڕوانامەکەی بەدەست نەهێنابێت، ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەنرێت بە ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم/ ٤) لە ماددەی (٦)ی ئەم پەیڕەوە و ماوەی خوێندنەکەی بە مۆڵەتی بێ مووچە ئەژمار دەکرێت.

## ماددەی (٨):

فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ماوەی پێویستی پێ دەدرێت بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی ماوەی (٦) شەش مانگ، و دەکرێت (٣) سێ مانگی دیکەی بۆ درێژبکرێتەوە.

**دووەم:** بۆ خوێندنی زمانەکانی دیکە ماوەی (١) یەک ساڵ، بێ ئەوەی مافی درێژکردنەوەی هەبێت.

**سێیەم:** فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن، ماوەی فێربوونی زمانی پێ نادرێت ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات. یان ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بە زمانی ئەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات.

**چوارەم:** ئەو زانکۆ و دامەزراوانەی خوێندنی باڵا کە فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن ناچار دەکەن بە خوێندنی زمان، لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە دەبەخشرێن.

## ماددەی (٩):

ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە وڵاتی خوێندن نابێت پچڕپچڕ بێت.

**دووەم:** بۆ خوێندنی ماستەر ماوەی مانەوە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** بۆ خوێندنی دکتۆرا ماوەی مانەوە لە (٢) دوو ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

## ماددەی (١٠):

**یەکەم:** وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی ئەژمارکردنی بڕوانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)ی ئەو فەرمانبەرانەی هەیە کە لە کاتی مۆڵەتی هاوەڵی هاوسەر بڕوانامەکانیان بەدەست

هێناوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی وەزاری بەپێی ئەم پەیڕەوە، لەسەر داواکاری و پێداویستی لایەنی پەیوەندیدار بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. بڕوانامەکانیان لەو زانکۆیانە بەدەست هێنابێت کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دانپێنراوە و هەموو مەرجەکانی دیکەی بەدەستهێنانی بڕوانامە و ڕاستاندنی بڕوانامەی تێدابێت ئەگەر بڕوانامەکەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت .

٢. پێویستە بڕوانامەکەی لە هەمان پسپۆڕێتی بێت .

٣. هیچ پابەندبوونێکی دارایی لەسەر حکومەت دروست نەکات تایبەت بە ماوەی تەواوکردنی خوێندنەکەی.

٤. پابەند بێت بە خزمەتکردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لایەنی پەیوەندیدار بۆی دیاری دەکات بەپێی پێداویستی پسپۆڕیی و ڕاژەکەی.

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم ماددەیە ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە هەبوون لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

## ماددەی (١١):

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێک ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە بێت.

## ماددەی (١٢):

وەزارەت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

## ماددەی (١٣):

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم پەیڕەوە

لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و ڕێکخستنی مۆڵەتی خوێندن بەپێی پێداویستی لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێگای هەماهەنگی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی پلان و ئەو پسپۆڕییانەی بۆ گەشەپێدانی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان گرنگن، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی کۆمەلایەتی بۆ هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی، لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و شەفافیەت و پەیڕەوکردنی سیستمی خاڵبەندیی لە دەستنیشانکردنی پێشکەشکاران، ئەم پەیڕەوە دەرکرا.